کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-6-2007 0:25

## پەیامێک بۆ سەرۆکی پەرلەمان، تکایە ڕاستیەکان ئاوەژوو مەکەن! ... چاودێرێکی سیاسی

هەولێر

کاتی چاوپێکەوتنەکەی (عدنان موفتی) م لە (هاوڵاتی) خوێندەوە، تەواو تێگەیشتم ئەم دەسەڵاتە بەناو شەرعیەی نەوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، هێشتا میزاج وبەرژەوەندیە حزبیەکان تەحەکوم لە مەسەلە ئەساسیەکانی ئەم پەرلەمانە لاوازە دەکەن، بۆیە تا ئێستاش دەتوانین بڵێین زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانیەکی ئەو تۆیان بە پەرلەمانەکەیان نیە، چونکی پەرلەمان بەدەر لە پاوانکردنی دەسەڵات بۆ چەند لایەن وگرۆپ وکەسایەتی وبنەماڵە و پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی وئابووری یەکانی کەسانی دەست ڕۆیشتوو لە هەردوو حزبی دەسەڵات هیچی تری بۆ فەراهەم نەهاتوە، لەگەڵ دەرکردن وداڕشتنی چەند یاسایەك، کە کاریگەری ئەوتۆیان نیە بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕیشەکێش کردنی گەندەڵی وسەروەر بوونی یاسا لەکوردستان، جەنابیان وەك نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەیەوی شەرعیەت بداتە دوو دەزگای ترسێنەرو داپۆسێنەرەی لە پێشێل کردنی بنەما سەرەتایی یەکانی مافی مرۆڤ و دەست بەسەر داگرتنی ماف وئازادیە گشتی یەکان وترس وبیم خستنە نێو دڵی چەندین بنەماڵەو کەسانی شۆڕشگێر، پاراستنی بەرژەوەندیە حزبیی وخێڵەکیەکان، ئەمیش بە گرتن وتیرۆرکردنی کەسانی ئازادی خواز وشۆڕشگێری وەك (سەربەست مەحمود) یا شاربەدەر کردن و زیندانی کردنیان چی تری بۆ ئەم میللەتە خێر لەخۆنەدیو بەدیهێناوە، تا جەنابتان داکۆکی لی بکەن و شەرعیەتی پی بدەن، کە تا ئێستا نە خۆت نە ئەندام پەرلەمانە مشەخۆرەکانت نەتانتوانیوە تەنی زیندانی و گرتوخانەکانیان ببینن، ، کە بێگومان گرتوخانەکانیان زۆر خەترناك و ناپەسەند ونایاسایی ترن لەو گرتوخانانەی ڕژێمی گۆڕبەگۆری بەعس بۆ خەڵکی کوردستانی ساز دابوو، ئایا گەر داوای ئەوەت کردبوایە ئەم دوو دەزگایە و گرتوخانەکانیان دابخری وچارەنووسی زیندانانیان تیا دیاری بکری باشتر نەبووە؟ ئەمەش لە بەرژەوەندی خۆت وحزب وگەلەکەشت نەبوو؟

گەر پێشت وایە ئەم دوو دەزگایە (وەك خۆت گوتەنی) ئیشیان چاودێری کردنی دوژمنانی گەلە لەدەرەوەی سنوور، ئەمەش هەڵەو بەڵکو تاوانێکە چونکی هەموو کەسێکی سادەو عەوامی ئەم میللەتە بەخۆشتانەوە ئەزانی کاری ئەم دوو دەزگایە چی یە بەقوربان؟ کە لەغەیری پەلکێش کردنی دوژمنانی گەڵ بۆ ئەم وڵاتەو هەرێمە، پاشان جەرگ سووتاوکردنی ئافرەتە ڕەشپۆشەکان وبی چارەکردنیان و یەتیم کردنی جگەرگۆشەکانیان چیتری بۆ ئەمنی قەومی فەراهەم هێناوە، ، ئەو ڕاستیەش ئەبی بخرێتە ڕوو کە هۆکاری تەشەنەکردنی تاقمە تیرۆرستیەکان و زیادبوونی کردەکانیان، ئەم دوو دەزگایە تییایدا بەر پرسیارن، وئەمان هۆکاری سەرەکین، چونکە هەم داڵدەی تیرۆرست وپیاو خراپان دەدەن (وەك تاقمەکەی شێخ زانا) هەمیش چەندین گەنجی ئەم وڵاتەیان بی چارە و دەربەدەر کرد تا بوونە پارویکی چەوری تیرۆرستان، لە کۆتایی دا واش ئەزانم گەر جەنابتان داوای داخستنی ئەم دوو دەزگایەو دارشتن ودامەزراندنی دەزگایەکی ئاسایشی موخابەراتیت کردبوایە کە لەلایەن خۆتان (کەزۆر بی هێزن) و سەرکایەتی هەرێم و خوودی وەزارەتی داد چاودێری کرابوایە باشتر بوو قوربان، !!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.